


# شانۆیەک لە ئاهەنگی ڕەنگەکاندا

## (خوێندنەوەی کۆمەڵەشیعری "لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی"ی تەڵعەت تاهیر)

حوسامەددین شێخ
(سلێمانی)

لێ نازانم بڵێم تەڵعەت، شاعیری داهێنەر، یان دەرکەوتنی ئارمێکی تازەگەر و تەواو نوێخواز لە فەنتازیای ڕوانینی تیژ لە شیعری کوردیی ئێستا و داهاتوودا.

چیرۆکنووسی ئەمریکایی ڕیمۆند کاروێر دەڵێت: "نووسەر بۆ خولقاندنی ئاسەوارەکەی، دەبێ لەپێشدا لە دنیایەکدا بژی، کە باوەڕی پێی بێ و دواتر بە سەرنجدان بەو دنیایە، دنیای تایبەتی خۆی پێکبێنێ".

موزایەدەیەک نییە بمەوێ بیکەم بۆ پێداهەڵگوتن و ئاشناییم بە تەڵعەت تاهیری شاعیر، هێشتا لە نزیکیشەوە ئەو شاعیرەم نەدیتووە. تەنیا سەرچاوەیەک، کە بە تەڵعەت تاهیری شاعیرم دەناسێنێ، بەرگی کتێبێکە بەناوی"لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی" و بینینی چەند بەرهەمێکی تری ئەو شاعیرەیە لێرەو لەوێ و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە بەر شاڵاوەکانی سەرنجم کەوتوون، بەڵام خۆزگە هەر زۆر زوو بمناسیبایە و پێم وایە ئێستاش چانسێکە بۆ من کە ئەوەند درەنگیش نییە.

ئەوە من نیم دەمەوێ قسە لەسەر ئەو شاعیرە بکەم؛ ڕێبازی شاعیریەتی ئەو بنرخێنم و بەرزی و نەوازشی بۆ بکەم. شیعرەکانی بۆ دەوروبەرم بلاوێنمەوە تا سەرحەدی جوانی و چەخماخەی زمانەوانی تەڕ و پاراو و باڵادەستیی خۆیشم نییە بێم ئەو ئاوازە بیخوێنمەوە. نەخێر بەڵکو ئەو هێزە موگناتیسییە لە ژووری ئەندێشەمەوە دەپژێ، لەنێو دەیان و سەدان کتێب، بەتایبەت دیوانی شیعری لەو بازاڕە واڵا و گەرموگوڕەی ئەوڕۆکەی ئەدەبدا، ئەو ئارمە تازەگەرەم پێ دەناسێنێت و هەست و دەربڕینە جوانەکانی وام لێ دەکەن، فەنتازیای جوانبینی و خێڵی سەرنجەکانم لەبەردەم دەربڕینەکانیدا بچەمێنمەوە.

لە خوێندنەوەی دیوانە شیعری"لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی" ئەو قسەیەی ئەحمەدی شاملووی شاعیری فارسم دێتەوە یاد کە دەڵێت (شیعر دەتوانێ هەر شتێک بێ)، بەڵام تەڵعەت تاهیری شاعیر ئافرێنەری ئەو مەحەکە شیعرییەیە، کە دەتوانێ شیعر هەر شتێک بێت. زایەڵە و قەرەی ئەو شاعیرە بڕوا بەخۆبوونێکی گەورەی بەخۆیەوە

هۆنیوەتەوە، دەتوانم بڵێم تەقینەوەیە لە مەتنی هەستیاری لە کەرەستە سەرەتاییەکان و دواندنی شتە بچووکەکان و خولقێنەری شتگەلێکی گەورە.

**ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە شاعیر،**
**زمانم دەکەمە مەجازی مەجاز،**
**گوێم لە گریانی ئەو دارقامیشانە دەبێ،**
**کە بێچووەکانیان بوونەتە شمشاڵ.**
**لە پرسەی ئەو سنەوبەرانەش دادەنیشم،**
**کە لقەکانیان کراونەتە دەسکی قەنەفە.**
**دڵی توێکڵی پرتەقاڵەکانی سەرجادە دەدەمەوە،**
**کە لە ماڵی تامەوە دەرکراون.**
**لەگەڵ سروشت ئاشت دەبمەوە.**
**دەبمە وەرگێڕی نێوان گوڵ و پەپوولە،**
**کە بە دوو زمانی جیاواز یەکتر تاڵان دەکەن.**
**ڕێزی توخمەکان دەگرم،**
**بە ئاو دەڵێم ئاو، مانای دیکەی پێ نابەخشم،**
**غەدری دووەمی لێ ناکەم......**
**شیعری "ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمەوە خۆم. ل١٤"**

ئەگەر بێم ناسنامەی ئەو دیوانە شیعرییە بناسێنم و پێشم وایە خوێنەری ڕاستینە بەر لەو وتارەدا تانوپۆی خۆی داوەتە دەست بزووتنی ئەو تێکستانەی، بەڵام ئەم دیوانە شیعرییە کۆمەڵێک ڕێسای واتائامێز و شیک لە زیهنی هەر یەکێک لە ئێمەماناندا پۆلێن دەکات. شیعرەکان بەگشتی داهێنەرانەن، بەلای خوێنەری ڕاستینەدا و ئەو داهێنانەی کە زۆر لەو دیوانەدا بۆ خوێنەر لە هەر شیعرێکدا وەبەر چاو دەکەوێ، ئەو ئارمەیە، یان ئەو وێنایە بریقەدارەیە، کە هەر کۆپلەیەک لەنێو هەر شیعرێکدا بێت، ورد و درشتی حیکایەتی خۆی بەسەر چەندان وێنەی دەنگداردا دەپرژێنێت، ئەوەیش لای خوێنەر دەبێتە تەقینەوەیەک لە زیهنیدا، دەنگی ئەو تەقینەوەیەش بەنێو هەموو دەمارە هەستیارەکانی بینینی خوێنەردا بڵاوە دەکات.

**هەر تۆ براوەیت!**
**من لە پەنجەرەی زیندانی زمانەوە،**
**لە باخچەی موعجیزەکانت دەڕوانم،**
**تۆش درەختی لەزەتی و بنەچەت دەچێتەوە سەر مەجاز،**
**تامێکی دیاری بۆ میوەیەکی نادیار و**
**بە غوباری گێڕانەوەم نالەرزیت.**
**چەند لە دنیا دەچیت.**
**شیعری " لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی، لل ٢٦-٢٧"**

ئەوەی شاعیر کردوویەتی سەلمێنەری ئەو قسەیەی ئەدۆنیسە کە لە وتارێکدا دەڵێ"ئەوەی لەمڕۆدا بە شیعری نوێ، ناوزەندی دەکەین، هەمووی نوێ نییە، چونکە مەرج نییە فۆرمی نوێ، مانای نوێ بگەیەنێت. ڕەنگە فۆرمێکی بەڕواڵەت نوێ هەبێ، بەڵام هەناسەیەکی کۆنی تێدا بێت؛ وەک چۆن دەشێت فۆرمێکی کۆن، هەناسەیەکی نوێی تێدا بێت"، بەڵام "لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی" دەرخەری ئەو قسەیەن، کە تەڵعەت تاهیری شاعیر، شەڕگەی ئەو ڕواڵەتەی زۆر فراوان کردووە و جێ و حەجمینی هەناسەی کۆنی نەهێشتووەتەوە، بگرە ئەو هەوا تازەیەی تەواو داگیر کردووە.

**لە تۆوە وشەیەک بەس بوو.**
**بەم پەیڤە نهێنییەکە تەڕ دەکەم و لە مەمکی نەگوتنت دەکەمەوە.**
**حیکمەتێکی سوونەتکراوە ئەم سەرەتایە،**
**بێ کەڵکە بۆ وەسفی ئەو ساتانەی،**
**زەمەنمان بە ماچ دەپێوا و شوێنیش بە وڕێنە**
**بیاتریس..**
**ئەڤینی هەڵمە وام لێ دەکات بڵێم.**
**شەونم پیرۆزە و ئیهانەکردنی ئاو لە خواردنەوەیەتی!**
**ناچارم بە گەشبینیت بشوبهێنم**
**دەنا زەمان بە بەفر دەچوێنم**
**دەفرێک.. قومێ لە گوڵە شەهلاکان ناگرێتە خۆی!**
**دەفرێک.. جێگەی چۆڕێ سێبەر نییە،**
**سێبەرەکانی بەهەشت..........**
**شیعری "ساتێک پێش هاتنی ڤێرجیل،ل ١٠٢"**

.................

**هەموو ساڵێ خۆشەویستمی***
**بەتۆی ئەڵێم**
**کە کاتژمێری شەوی سەری ساڵ**
**گەیشتە سەر دوانزەی تەواو**

**ساڵی پاریش وەکو کەشتییەکی کاغەز**
**لە ئاوی خەمەکانی من نوقم ئەبێ**
**بەشێوەی خۆم بە تۆی ئەڵێم**
**سنووری هەموو بۆنەو ئاهەنگەکان ئەبەزێنم**
**کە ٢٠١٠ ساڵە خەڵک مامەڵەی پێدەکەن**
**هەموو دەستەواژە کلاسیکییەکان ئەشکێنم**
**کە ٢٠١٠ ساڵە پیاوان بەگوێی ژنانی ئەچرپێنن.**

شیعری "هەموو ساڵێ خۆشەویستم بیت ل ١٠٥"، ئەم شیعرە لە ١٣ بەش پێکهاتووە، ئەمەیان بەشی یەکەمی شیعرەکەیە.

شیللی شاعیر دەڵێ "شاعیر ئەو شاعیرەیە شتە نائاساییەکان بکاتە ئاسایی". ئەو ڕەنگە لە هەستی تەڵعەت تاهیر هەر زۆر دیارە. ڕاستەوخۆ خێرایی لە گواستنەوەدا هەیە و چەندان ڕەنگیشی هەڵگرتووە. لێرەدا پێم خۆشە ئەو نموونانە بێنمەوە، کە لەو دیوانەدا هەن، لەسەر ئەو قسەیەی شیللی شاعیر، بەڵام ترسێکم لەوە هەیە جڵەوی خۆم لەو وتارەدا لە دەست بدەم و بەرەو لێکۆڵینەوەی شیعری بڕۆم، خۆم بخەمە نێو وردەکاری و دنیا بەرینەکەی ڕوانینی شاعیر، ئەوەیش سەرنج و قسەی زۆری دەوێت، کە بیکەم بۆ لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی لە ڕووی فۆرم و مانا و فەنتازیای دەربڕینەکانی، بەڵام من بۆ خوێنەران و داهاتوو بەجێی دەهێڵم.

شاعیری تازەگەر لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە لە هەژموونی جیهانبینی و کەشف و کرانەوەدا ئاراستەیەکی نوێمان پێشکەش دەکات، کە لەوەو پێش لێی بێ ئاگا بووین. هەمیشە کارێک دەکات بۆ لە دەستدانی هەندێ ئامرازی سواو و دەربڕینی سڕ لە زمانی شاعیرییەتیی خۆیدا و بۆ ئەفراندنی ڕێبازێکی داهێنەرانە ڕوحی شیعری دەگەڕێنێتەوە بۆ خوێنەری ڕاستینەی ئەدەب و زمانەوانی و شانشینی کولتوور و زمان و مێژووی گەلەکەی خۆی دەپارێزێ.

* ئاماژەیەک کە شاعیر لە دیوانەکەدا نووسیویەتی (ئیحای تەواوی ئەم دەقە هی شیعرێکی نزار قەبانییە، ترسام بڵێم شیعری نزارە و کەچی زۆربەی هی ئەو نییە، ترساشم بڵێم شیعری خۆمە و کەچی زۆربەی هی نزارە).